# پەیوەندی دەق لەنێوان نووسەر و خوێنەردا

شاخەوان فەرهاد مەحەمەد

**پێشەکی**

هەرکاتێک دەقێک لەدایک دەبێت و دەگاتە دەستی خوێنەرێک، ئەوە لە ڕێگەی دەقەکەوە پێوەندییەک لەنێوان نووسەر و خوێنەر دروست دەبێ، هەربۆیە ئەو پێوەندییەش لەمیانەی چێژبەخشینی دەقەکەوە بەهێزتر دەبێت، کەواتە تا دەقەکە کاریگەرتر و بزوێنەرتر بێ، ئەوە پێوەندی ناڕاستەوخۆی نێوان خوێنەر و دەقەکە گەورەتر و فراوانتر دەبێت، ئەو کاتەی خوێنەر هەر دەقێک دەخوێنێتەوە، ئەگەر ئاستەکەشی ئاسایی بێ، ئەوە لەلای خۆیەوە هەڵسەنگاندنێک بۆ دەقەکە دەکات. بەپێی توانین و تێگەیشتن و لێهاتوویی خۆی لەدەقەکەدا، ئەگەر هەر هیچ نەبێت ئەو بیروڕایەی دەردەبڕێ، کە ئایا دەقەکە تا چەند باشە، یان خراپە، بۆیە خوێنەر لەڕوانگەی هەڵسەنگاندنی خۆیەوە، پێوەندییەکی ناڕاستەخۆ لەگەڵ نووسەری دەقەکە دروست دەکات. لەبەر ئەوە کە هەندێک جار بیروبۆچوونی خوێنەر لەسەر نووسەرەکە بەڕادەیەکە کە بوون و نەمانی پێوەبەندە، چونکە خوێنەری تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، بڕیار لەسەر نەمری دەقەکە دەدات، کە نەمرییەکەشی بەواتای مانای ناوی نووسەرەکەیەتی. ئەوە خوێنەر بوو وای کرد کە ناوی باباتاهیر و مەلای جەزیری و نالی و مەولەوی و چەندانی تر بەنەمری بمێننەوە، کەچی ناوی چەندانی تریش بزربوون.

زۆرجار پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەران، دەبێتە پردێکی بەهێزی کاریگەری و کارتێکردن، هەروەک چۆن چەندان نووسەر هەن، تەنیا بەنووسینەکانیان لەدوای خۆیان ڕێبازێکیان بەجێ هێشتووە کە دواتر چەندان کۆمەڵە و پارت لەسەر بیروبۆچوونی نووسەرەکان

دامەزران.

**پێوەندی دەق لەنێوان نووسەر و خوێنەردا**

بەشێکی زۆر لە نووسەران کاتێک دەست دەدەنە قەڵەمەکانیان و بەناخی وشەکانیاندا ڕۆدەچن، ئەوە جگە لە وشە و قەڵەم و لاپەڕەکانیان هیچی تریان لەخەیاڵدا نییە، تەنیا بیرۆکەکانیان بەهۆی وشەکانیانەوە دادەڕێژن، بەڵام دواجار ئەو دەقانە دەکەونە دەست خوێنەر و ئەوان بڕیار لەسەر دەقەکەی دەدەن، هەربۆیە سەرنج و تێبینییەکانی خوێنەر، پێوەندی نێوان خۆی و نووسەر دیاری دەکات.

**هەڵسەنگاندنی دەق**

ئەگەرچی بەهەموو تێکستە نووسراوە ئەدەبی و مێژوویی و دیرۆکی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و... تاد دەوترێت دەق، خوێنەر بەهێزی و لاوازیی ئەوان، دەسنیشان دەکات، هەر دەقێک خوێنەر خوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆی بۆ هەیە و پێوەندی نووسەر و خوێنەر لە ڕێگەی لایەنگری بۆ دەقەکەوە دەبێت. دەقیش لای خوێنەر دەبێتە دووبەش: دەقی چێژبەخش و دەقی سەرخۆشیدەر.

(ڕۆلان بارت) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم دوو جۆرە دەقە دەکات:

- **دەقی چێژبەخش:**- دەقێکە کە دڵخۆشمان دەکات، بەرهەم هەیە خۆشحاڵمان دەکات، دەقێک کە لە دڵی کولتوورەوە هەڵدەقوڵێ و هیچ دابڕانێکی لەگەڵ نییە، دەقێک کە سیمای بەئاسانی بەخوێندنەوەوە گرێ دراوە.
- **دەقی سەرخۆشیدەر:** دەقێکە کە جۆرێک لە تەنگژە دێنێتە ناو باوەڕەوە، دەقێک کە نارەحەتمان دەکات (ڕەنگە تا ئاستی بێزاربوونیش) تێگەیشتنی مێژوویی، کولتووری، دەروونی خوێنەر- بایەخەکان و بیرەوەرییەکانی ئاڵۆزتر دەکا و پێوەندی ئەو لەگەڵ زمان بەرەو تەنگژە ڕادەکێشێ.(١).

کەواتە (بارت) جۆرەکانی دەق لەسەر بنەمای کاریگەربوونی خوێنەر دابەش دەکات، ئەوەی خوێنەر بەلایەوە پەسندە و باشە، بەدەقی چێژبەخشی دادەنێت و ئەو دەقانەش بەبێزارکەر دادەنێت، کە هەستی خوێنەر بریندار دەکەن و بیرەوەرییەکانی ئاڵۆز دەکەن.

ئەو پێوەندییەی خوێنەر لەگەڵ نووسەر هەیەتی،



**مەحوی**

چۆنیەتی دەقەکە دیاری دەکات، بۆ نموونە بەڕای زۆربەی خوێنەران ئەو پەیوەندییە ڕوحییەی لەگەڵ شیعرەکانی (مەحوی)ی شاعیر هەیانە، بەشاعیرێکی عیرفان و ئاینپەروەریی دادەنێن، لە کاتێکدا شیعری بۆ جوانی وەسفی کچیش وتووە، بەڵام کاریگەری و بزوێنی شیعرە عیرفانییەکانی ئەو پێوەندییە ڕوحییەی کە لەگەڵ خوێنەر بەگشتی هەیەتی، پێوەندییەکی ئایینییە کە تا ئێستاکەشی لەگەڵ دابێت، لایەنەکانی تر لەلای خوێنەرێکی ئاسایی فەرامۆش کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکیش هەیە کە هەموو خوێنەرێک ناتوانێت بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی دەقێکەوە دەرببڕێت و بتوانێت ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ نووسەردا هەیەتی، بزانێت لەچ ئاستێکدایە. (مارتنیت کوبل) لە ڕەخنەی پراکتیکیدا دەڵێت: «زۆرجار خوێنەر دەتوانێت واتای شیعر بەسادەیی تێ بگات، بەڵام ناتوانێ بەسادەیی لەبارەیەوە بدوێ» (٢).

بەبڕوای بەشێک لە نووسەرانیش، تا خوێنەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ دەقێک نەکات، ئەو دەقە واتای نییە، هیچ پێوەندییەکیش لەنێوان خوێنەر و نووسەردا نییە، تا دەقەکە نەگاتە دەست خوێنەر، تەنانەت خوێندنەوەی دەقێک لەلایەن خوێنەرێکی

ڕۆشنبیرەوە، ڕۆڵی هەیە لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوە و لەزەت وەرگرتنی لەدەقەکەدا، کە بەهۆی کاریگەری خوێندنەوەکەوە سەرنج و تێبینییە وردەکانی بۆ نووسەر دەردەبڕێ کە زۆرجاران ژیان و بیرکردنەوەی نووسەریش دەگۆڕێت، هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە وتراوە، کە «مەبەست لە مەرگی نووسەر، لەدایک بوونی نووسەرێکی دیکەیە لەکاتی خوێندنەوەدا، خوێنەر لەو دەقەی دەیخوێنێتەوە دەقێکی دی بەرهەم دێنێت، مەرگی نووسەر وەک بزربوونی ئەو دەنکە گەنمەیە کە بە لەناوچونی گوڵەگەنمێک لەدایک دەبێت» (٣).

هەرئەوەشە وای لەنووسەر کردووە بڵێت: خوێنەر مانای دەق دەستنیشان دەکات، نەک نووسەر، چونکە «مانای دەق ئەوە نییە کە نووسەر دەستنیشانی دەکات، ئەوەیە کە خوێنەر دەیدۆزێتەوە، دوورتر دەڕۆم و دەڵێم: دەق پێش خوێندنەوەی، مانایەکی دیاریکراوی نییە، هەموو دەقێک کراوە و تەواو نەکراوە، ئەوە خوێنەرە کە لەڕوانگەی خۆیەوە لەبەر ڕۆشنایی پێشینەی ڕۆشنبیری خۆیدا تەواوی دەکات» (٤).

بەگوێرەی ئەو بۆچوونە، پێوەندی خوێنەر و نووسەر لەدەقدا دروست دەبێ، ڕوونتر بڵێین نووسەر کە دەقەکەی لەدایکبوو، کەسایەتییەکی مردووە، ئەوە خوێنەرە بڕیار لەسەر بوونی دەدات، خوێنەرە ناو و ناوبانگی پێدەدات، بۆیە خوێنەر بەشێکە لەژیانی نووسەر، ئەگەرچی بەشێک لە نووسەران دان بەو ڕاستییەشدا نانێن.

## پێوەندی ئاڵوگۆڕی ئەزموونی لەنێوان نووسەر و خوێنەردا

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەر دەقێکی چێژبەخش، ئەوە چەندان کەس دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو دەقەوە و هەندێکیان خۆیانی تێدا دەبیننەوە و زۆرێکیش دەقەکە بەڕێبازی ژیانیان دادەنێن، لەهەمان کاتیشدا خوێنەر هەر هەڵسەنگاندنێک بۆ دەقەکە بکات، دەبێتە ئەزموون بۆ نووسەرەکە، بەڵام ئەوەی ڕەخنەگر نەبێت، زەحمەتە بتوانێت زانیاری خۆی دەربڕێت، کەواتە «نووسەر لەنێو ئەزموونەدا دەژی و ئەو ئەزموونەش ئەزموونی کارلێک کردنە لەگەڵ بابەت (ماددەی نووسین)، لێرەدا مەبەستمان لە ماددەی نووسین ئەو تۆڕە ئاڵۆزەی ئاماژەکانە کە لە کۆمەڵێک هەڵچوون و هەستی جۆراوجۆر و تێکەڵ بەیەک و ئەزموونە کەڵەکەکراوەکانی خودی ژیانی نووسەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی کتێب و دیتن و بیستن و خەیاڵکردن و بیرکردنەوە هەڵدەقوڵێ» (٥).

دەتوانین بڵێین هەموو ڕەخنەکانی خوێنەرێکی بەئەزموون و چالاک بۆ نووسەرێکی لێهاتوو و زیرەک، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیری، کە ئەمەش لەنووسینەکانی داهاتوویدا ڕەنگ دەداتەوە، خوێنەر ئاوێنەی نووسەرە، بۆیە دەتوانێت خۆی تێدا ببینێت.

ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی نووسەرە بەناوبانگەکان بکەین، ئەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تا لە ژیان ئەزموون وەرگرن، نووسینەکانیان بەپێزتر دەبێت، بۆ نموونە: (نەجیب مەحفووز) نووسەری میسری دوای زیاتر لە(٤٠) ساڵ نووسین، ئەوجا توانی خەڵاتی نۆبڵ بەدەست بێنێت، کە ئەو نووسەرە دەیان جار لەلایەن خوێنەرەوە هەرەشەی لێکراوە و داوای لێکراوە لە نووسینەکان وردتر و بە پارێزتر بێت، کەچی دوای ئەو نووسینە، خەڵاتی نۆبڵی پێدرا. ئەو ئاڵوگۆڕییە ئەزموونییەی لەنێوان نووسەر و خوێنەردا هەیە، دەتوانرێت هەردوولا پێش بخات، دەیان خوێنەر هەبوون لەژێر کاریگەریی دەقەکان بوونەتە نووسەر و ڕەخنەگر و ناوبانگیان پەیداکردووە. «تەئکید لەوە دەکەینەوە کە پێوەندییەکانی نێوان خوێندنەوە و ئەزموون لای هەریەک لە نووسەر و ڕەخنەگر، پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕییە کە هەریەک پێکەوە مومارەسەی دەکەن» (٦).

ئەگەرچی بەشێک لە نووسەران پێیانوایە نووسین ئیلهامێکە لەلایەن خوداوە بۆیان هاتووە، یان لەهەر شوێنێکی ترەوە هاتبێت وەک ئیلهام، بەڵام دەربڕینی ئەو ئیلهامە پێویستی بەئەزموونە، بۆیە تا نووسەران ئەزموونیان زیاتر بێت، ئەوە دەربڕینی ئیلهامەکانیان بەهێزتر و بەپێزتر دەبێت. هەموو نووسەرێک پێویستی بەخوێنەر هەیە، بۆ ئەوەی دەقەکەی بخوێنێتەوە، ئەگەرچی ئەوان، واتە بەشێک لەنووسەرانیش زۆرجار دەڵێن ئێمە بۆ خۆمان دەنووسین، بەڵام کاتێک دەقێک بڵاودەبێتەوە، هەموو ئەو قسانە ڕەت دەکاتەوە کە نووسەر دەڵێت بۆ خودی خۆم دەنووسم، تەنانەت نووسەر هەیە ڕەخنەش لەو ڕەخنەگرانە دەگرێت، کە ڕۆژێک لەڕۆژان ڕەخنەیان لێ

گرتووه.

(بەختیار عەلی) لە شیعری (ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت) دەڵێت:

**«ئەی گەمژە لووتی تۆ لەوە زەلیلترە، بۆنی باغی من بکات تۆ کڕیاری زبڵخانەی، من نوور و گڕ و ڕەشەبام»** (٧)

هەر (بەختیار عەلی) یش لەڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دەڵێت:

**«گەر ڕۆژێک ئەو کتێبە دەرچێت، خەڵک ڕەخنە لەمن دەگرن، سەد کەس هەن لەسەر ئەم (کاسپی) یە دەژین، کە کاسپی نووسەرە بێ بەهرەکانە»** (٨)

(بەختیار عەلی) ڕەخنەی توند لەو کەسانە دەگرێت، کە ڕەخنەیان لە ئەزموونی نووسینەکانی گرتووە، بەکەسانی بێ بەهرەیان دەزانێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەدەیان وتار لەبارەی ئەوەوە نووسراوە، کە چۆن فەرهەنگی نووسینی ئەویان دەوڵەمەند کردووە.

## نووسەر بۆ خوێنەر دەنووسێت

ئەوەی ئاشکرایە و هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەوەیە، ئەگەر خوێنەر نەبێت، ئەوە دەقەکان لەگەڵ لەدایکبوونیاندا دەمرن، مەگەر تەنیا نووسەرەکانیان بیانخوێننەوە، «گومانی تێدا نییە کە نووسەر بۆ خوێنەر دەنووسێ، کە تاکێکە لە تاکەکانی ئەم جیهانە، بەکردەوە بینیمان کە نووسەر مەبدەئییانە ڕوو دەکاتە تێکڕای خەڵک» (٩).

هەر ئەوەش وای کردووە کە پێوەندی لەنێوان نووسەر و خوێنەر دروست بێت، جا هەر چەندی نووسەرەکە لە بیروباوەڕی خەڵکەکەوە نزیکتر بێت، خۆشەویستتر دەبێت و دەقەکەی پڕ خوێنەرتر دەبێت، بەڵام هەندێک جاریش هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، ئەگەر پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر دوژمنکاریی بێت، یان بڵێین پێوەندییەکی ناڕێک بێت، وەک ئەو نووسەرانەی دژی بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی و کولتووری کەسێک، یان کۆمەڵێک، یان گەلێک دەنووسن، نموونەی ئەوەش وەک: ئەو نووسینانەی (مەریوان هەڵەبجەیی) کە لەکتێبی (ژن و سێکس و شەرع) نووسی، کە خەڵکێکی زۆر ڕقیان لێی هەڵسا و خۆپیشاندانیان لەدژی کرد، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینییەکانی ئەواندا ناگونجێت.

## ئەنجام

١- پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر، بەهۆی کاریگەری و بەهێزی و بێ هێزی دەقەوە دروست دەبێ، واتە دەق سەرچاوەیەکە چۆنیەتی پێوەندی نووسەر و خوێنەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیاری دەکات.

٢- ئەگەر خوێنەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ دەقێک نەکات، ئەوە هیچ واتایەکی نییە، زۆر جارانیش خوێندنەوەی دەقێک لەلایەن خوێنەرەوە ژیان و بیرکردنەوەی نووسەر دەگۆڕێت، ئەوە خوێنەرە بڕیار لەسەر بوونی نووسەر دەدات، چونکە کەسایەتییەکی مردووە، بەشێکە لە ژیانی نووسەر و ناوبانگی پێ دەدات.

٣- پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕی ئەزموونییە، خوێنەری تێگەیشتوو و چالاک، ڕۆشنبیریی فراوانتر دەبێت و نووسەریش ئەزموون پەیدادەکات.

٤- هەموو نووسەرێک پێویستی بەخوێنەرە، بۆ ئەوەی دەقەکەی بخوێنێتەوە، بۆیە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا پەیدادەبێت، جا لەسەر بنەمای خۆشەویستی و نزیک بوونەوە بێت لەخەڵک، یان دوورکەوتنەوەو ڕق لێبوونەوە بێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- چێژی دەق، ڕۆلان بارت، وەرگێرانی: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٤-٣٥.**

**٢- ڕەخنەی پراکتیکی، جۆن پیک و ماتنیت کویل، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٥.**

**٣- قوڵپی پێکەنین، حەمە سەعید حەسەن، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.**

**٥- نووسین خۆکوژیەکی تەواونەکراو، کۆمەڵە وتار، وەرگێرانی: (عبدالمطلب عبدالله)، بلاوکراوەی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩٠.**

**٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.**

**٧- تاقگەیەک لەزیو، حەمە سەعید حەسەن، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٠.**

**٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.**

**٩- ئەدەب چییە؟ ژان پۆل سارتەر، وەرگێرانی: مستەفا غەفوور، چاپخانەی خانی، دهۆک، ل١٢٩.**